# عەرەبە کەڵەگاکانی باشوریی کوردستان:

هەموو عەرەبێکی عێراقی و تەنانەت عەرەبی وڵاتانی دیکەی عەرەبیش، بۆیان هەیە لە باشووری کوردستاندا بژین و بمێننەوە، بەڵام کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان، بە میوان یان ئاوارە ناوزەد کراون و لە رووی یاساییەوە وەکو بێگانە هەڵوسکەوتیان لەگەڵدا دەکرێت!؟

کۆچڕەوی و عەرەب و عروبە و نیشتەجێ بوونیان لە باشووری کوردستان، ئێستا بۆ ئێمەی کورد بووە بە کێشە و تەنگەژەیەکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و لەڕاستیدا کارەسەتێکی نەتەوەیی نیشتمانییە، عەرەبەکان لە باشوریی کوردستان بە ئارەزووی خۆیان زەوی دەکڕن، واتە خاکی خۆمانیان پێدەفرۆشین و خاکی کوردستانمان لێدەکڕن، شووقە دەکڕن، دوکان دەکڕن، مۆڵ و سوپەرمارکێت دەکەنەوە و لە هەموو بوار و کار و پیشەکانی دیکەدا وردە وردە پێش خۆمان دەکەونەوە!؟ سەرباری هەموو ئەمانەش، بێزیان نایەت و بە سووکایەتیی دەزانن کە زمانی کوردی فێرن و کەسیان وشەیەک کوردی لە دەمیان نایەتە دەرەوە، لەبەرئەوە ئێمە لە نیشتمانەکەی خۆیشماندا ناچارکراوین بەزمانی خۆیان لەگەڵیاند بدوێین!؟ عەرەبی نیشتەجێی کوردستان، هیچیان رێزیان بۆ زمان و فەرهەنگ و پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان نییە، ژینگەی کوردستان ناپارێزن و ئەوپەڕی پیسوپۆخەڵی دەکەن و هەندێك جار بۆ فیز و پۆزلێدان و لووتبەرزێتییان ئەو کارە ناشیرین و نەخوازراوانە دەکەن. ئێستا بە دەیان خوێندنگەی عەرەبی و باخچەی ساوانی عەرەبی و مۆڵ و سوپەرمارکێتی عەرەبی و ساڵۆنی عەرەبی و نۆرینگەی پزیشکیی عەرەبی و .....هتد لە هەموو شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستاندا دەبینرێن، هەرچی بڵێن و بنووسن و بکەن کەس لێیان ناپرسێتەوە و باجیان لەسەر نییە و پۆلیسی کوردی و ئاسایشی کوردی و دەستەڵاتی سیاسیی کوردیان لەپشتە و هاوکاری و پشتیوانی دەکرێن. لە هەولێری پایتەختدا زانکۆی عەرەبی و دەیان خوێندنگە و باخچەی ساوایان سەنتەری عەرەبی هەیە. لەم رۆژانەدا بە ئاشکرا بەبەرچاوی میللەت و دەستەڵاتەوە ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەسەر باڵەخانەی زانکۆی (حەیات)ی عەرەبی دادەگرنە خوارە و ئاڵای عێراقی ئەنفال و کیمایی بەرز دەکەنەوە و ئەو ئاڵا خوێناوییە بەسەر سەری بەرزی کەسوکاری گیانبەتکردووەکانمانەوە دەشەکێتەوە!؟ لەسەر هەموو خوێندنگە و شوێنەکانی سەربەخۆیان، لەبری ئاڵای کورستان، ئاڵای عێراقی عەرەبی بەرز کراوەتەوە، هیچ کەس و هیچ لایەنێك لێیان ناپرسێتەوە و ئێستا پەنابەرانی عەرەب و عەرەبی نیشتەجێبووی کوردستان بوونەتە خاوەنماڵ و کەڵەگا بەسەر میللەتە هەژار و بێ خاوەنەکەمانەوە!؟

ئەم راستییەش دەبێت بەیان بکەین کە لە سەردەمی بەعسییەکانیشدا، هێندە عەرەب لە کوردستاندا نەبووە، هێندە کەڵەگا و باڵا دەست نەبوون. جاران عەرەب لە پێشمەرگەکانی شاخ دەترسان و نەیان دەتوانی لە گەڕەک و کۆڵانەکانی شار و شارۆچکەکاندا نیشتەجێ ببن، ئێستا لە ژێر سایەی دەسەڵاتداران و دەسەڵاتی سیاسیی کوردیدا، کوردستان بووە بە دیوەخانی پاڵدانەوەیان!؟

دەسەڵاتی کوردی و پارتە دەسەڵاتدارەکان و بەرپرس و سیاسەتمەدارەکانی کورد، لەبەر راگرتنی دڵی فەرمانڕەوایانی بەغدا و لەبەر پارە و بوودجە و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان، کوردستانیان کردووە بە عەرەبخانە و لە هەموویشی خراپتر، چاوپۆشی لە هەموو کاروکردەوەیەکی عەرەبە کۆچکردووەکانی کوردستان دەکەن و بە هەموو شێوەیەک هاوکاری و پشتیوانیی ئەو کەڵەگایانە دەکەن و عەرەب بۆیان هەیە و دەتوانن چییان بوێت بە ئاشکرا و بە ئازادانە بیڵێن و بینووسن و ئەنجامی بدەن.... ئیتر ئاو بێنین و دەس لە خۆمان و نیشتمان و کوردایەتی و چارەنووسمان بشۆین.....زۆر زۆر بەداخەوە.

ئەرێ بەڕاست، هۆی چییە و بۆچی ئاوا بەم شێوەیە بووین بە میللەتێکی بێ دەنگ و بێ هەڵوێست و بەنجکراو و سڕکراو و متکراو!؟

باشووری کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی جەنگی ناوخۆ و رووخان و هەرەس هێناندایە:

- ئەی میللەت، ئەی دەستەڵات، فریای ژیانی خۆتان و چارەنووسی باشووری کوردستان بکەون!؟

- رۆژ بە رۆژ رێژەی عەرەبە کۆچکردووەکان روو لە زۆرتر بوون دەکات، ئێستا زۆرتر لە دوو میلۆن عەرەب لە باشووری کوردستاندا نیشتەجێبوون!؟

- عەرەبی نیشتەجێبوو، بە هیچ شێوەیەك هەوڵ نادەن زمانی کوردی فێربن و پێشیان سەیر دەبیت ئەگەر کوردێك هەبێت زمانی ئەوان نەزانێت و بە عەرەبی لەگەڵیاندا نەپەیڤێت!؟

- ئەو عەرەبانەی کە خاوەنی دوکان و بازاڕ و شوێنی دیکەی بازرگانی کردن و مامەڵەی بازارگنانین، بەهیچ شێوەك ئامادە نین یەک وشەی کوردی لەسەر تابلۆی شوێنی کارکردن و لە هەموو ئەمانەش خراپتر و ترسناکتر، ئیشکردن و بازرگانی کردندەکانیان بنووسن.
عەڕەبەکان کوردستان بە بەشێکی دانەبڕاو و هەمیشەیی عێراقی عەرەبی دادەنێن و بە وڵات و خاکی خۆیانی دەزانن !؟

- وردە وردە لە شارەکانی کوردستاندا، بەهۆی زۆریی رێژەی عەڕەبی نیشتەجێبووەوە، ناوی شوێن و گەڕەك و کۆڵانەکان بۆ زمانی عەرەبی دەگۆڕن!؟

- دەسەڵاتی سیاسیی باشووری کوردستان، هیچ لێپرسینەوەیەک لە یاسا پێشێلکردن و سەرپێچی و ئەو بێ رێزی و سووکایەتییانە ناکات کە عەڕەبەکان بەرامبەر بە کورد و دابونەریتی کوردەواریی دەکەن!؟

- ئەگەر ئەم بارودۆخەی ئێستا هەیە و هەر ئاوا بەردەوام بێت، لە داهاتوودا رێژەی عەرەبی نیشتەجێبوو و نیشتەجێکراو،لە دانیشتوانە رەسەن و خۆجێیەکەی باشووری کوردستان زۆرتر دەبێت!؟

- ئەم عەڕە نیشتەجێکراوانەی کوردستان، بە بەرنامە و پلانێکی دوژمنکارانە و ناڕەوا و دۆزەخییانە هاوردەی کوردستان کراون زۆربەی زۆریان یان کەسوکاری داعشە تێرۆریستەکان و هاوسۆز و لایەنگر و پشتیوانی داش و داعشیزمن!؟

- کێ و چ لایەنێك گرەنتی ئەوە دەکات کە لە داهاتوودا باشووری کوردسانمان لەدەست نەچێت، یان گەورەترین و خوێناویترین جەنگی ناوخۆی عەرەب و کورد هەڵنەگیرسێت!؟

- عەرەبی هاوردە و نیشتەجێکراو، بارودۆخی ئابووری و رامیاری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی باشووری کوردستانیان رووبەڕووی تەنگژەیەکی خراپ و نەخوازراو کردووەتەوە. عەرەب ئەو رەوشت و خواستەیان هەیە، لە هەر شوێنێك نیشتەجێ بووبن، بەزۆر و شەڕو کوشتار نەبێت، ئامادە نابن بەجێێ بهێڵن!؟

- باشووری کوردستان، جگە لە کێشە و مەترسییەهکانی عەرەبی نیشتەجێکراو، ئەمڕۆ رووبەڕووی کێشە و مەترسیی رەوتی ترسناك و تەعریبچیی ئیسلامیی سیاسیی دروستکراو و بەکرێگیراویش بووەتەوە!؟

- باشووری کوردستان، بووە بە وڵاتێکی بێ سنوور و بێ پەرژین و بێ یاسا و بێ خاوەن و پڕ لە پاشاگەردانی، شایانی بهیرهێنانەوە و هۆشدارییە، ئەگەر ئەم بارودۆخە کۆنترۆڵ نەکرێت، خراپترین و نەخوازراوترین کارەساتی نەتەوەیی و نیشتمانیی چاوەروانمان دەکات!؟

بەختیاری شەمەیی

04.06.2015